STEP for Democracy and Elections

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

# ئامانجەکانی پشت هەڵمەتی لێپرسینەوە
# لە دۆسیەکانی گەندەڵیی لە عێراقدا

ئامادەکردنی


سەربەست مستەفا
سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن

ئارام جەمال
سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن


تەمموزی 2026

دوای دەستبەسەرکردنی بریکاری وەزارەتی نەوت (عەدنان جومەیلی) بە تۆمەتی تێوەگلانی لە گەندەڵیی دارایی، هەڵمەتێکی دەستبەسەرکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و بەرپرسانی حکومی بە دوای خۆیدا هێنا و ئەمەش لەگەڵخۆیدا ڕستێک پرسیار و مشت و مڕی لەبارەی سروشتی هەڵمەتەکە و ڕەهەندە سیاسییەکانی هێنایە ئاراوە بەوەی ئایا بە ڕاستی ئەم هەڵمەتە سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە سیاسەتی دەوڵەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، یان ئەوەتا تەنها لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی هاوسەنگییەکانی ناو دەسەڵاتدایە وەک ئامادەکارییەک بۆ قۆناغێکی سیاسی نوێ؟!.

ئەم هەڵمەتە لە ڕووی کات و زەمەنەوە بێ مەلامەت نییە، چونکە لە سەروبەندێکدا وەگەڕخراوە، کە حکومەت ڕووبەڕووی فشارێکی زۆری ناوخۆیی بۆتەوە لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان و ڕەخنەی بەردەوامی جەماوەر لە ئەنجام نەدانی چاکسازیی ریشەیی، لەولاشەوە زیادبوونی فشارە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی سەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا بوەستێت. لەوەش زیاتر حکومەت بەهۆی هەڵایسانی جەنگی کەنداوی فارس و دابەزینی ئاستی فرۆشتنی نەوتەوە دوچاری تەنگژەی دارایی قووڵ هاتووە. بۆیە دەستپێکردنی هەڵمەتێک بەو قەبارەیە پەیامێک دەگەیەنێت کە حکومەت دەیەوێت توانای خۆی بۆ جێبەجێکردنی یاسا و گەڕاندنەوەی متمانەی ڕای گشتی پیشان بدات، چونکە خودی گەندەڵی لە عێراقدا بۆتە بەشێک لە بونیادە سیاسییەکەی، نەک ئەوەی تەنها سەرپێچی و لادانێکی کارگێڕیی بێت. هێنانەئارای سیستمی بەشبەشێنەی دەسەلاَت (محاصصة)، لە دوای ساڵی (2003)ەوە، تەنها بە دابەشکردنی پۆستەکانەوە نەوەستا، بەڵکو سەرچاوەکانی دارایی و ئابوری، گرێبەستەکان، دەور و دەسترۆیشتوویی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتیشی گرتەوە. لێرەوە هەر هەڵمەتێکی ڕاستەقینە لە دژی گەندەڵی ڕاستەوخۆ بەر جەستەی ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسی دەکەوێت و تەنها بە فەرمانبەران یان بەرپرسانی جێبەجێکارەوە ناوەستێت. لەبەرئەوە ئەم هەڵمەتە تاقیکردنەوەیەکی سەرەتاییە زیاتر لەوەی وەک دەستکەوتێکی کۆتایی سەیر بکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی بریکارێک لە وەزارەتدا چەندێک دەسەلاَتەکەی فراوانیش بێت، دیسانەوە هەر ناتوانێت لە دەرەوەی تۆڕێکی ئاڵۆزیی بڕیارە سیاسی، حیزبی و ئابوورییەکان کار بکات. ئەگەر دۆسیەکانی گەندەڵی بەو ئەندازەیە قەبە و قووڵ ڕۆچووبن و پەرش و بلاَوبوبێتەوە، ئەوا شتێکی نالۆژیکییە پێمانوابێت کە بەرپرسێکی جێبەجێکار دەتوانێت سەرەداوی ئەو دۆسیانە بە تەنیا ئیدارە بدات یان پارێزگارییان لێبکات.

کردنەوەی گرێ سیاسییەکە لێرەوە دەستپێدەکات؛ ئایا حکومەت بە ڕاستی توانای ئەوەی هەیە توخنی ئەو کەسانە بکەوێت، کە لە ناو حیزبە گەورەکاندا خاوەن هێز و دەسەڵاتن؟ ئایا لێکۆڵینەوەکان ـ ئەگەر بەڵگە یاساییەکان ئەوەیان سەلماند ـ دەستی دەگاتە ئەو سەرکردانەی کە هێزی چەکداریان هەیە یان سەرۆکی حیزبە گەورەکان؟ یان ئەوەتا سەقفی ئەم هەڵمەتە لەو سنورەدا دەوەستێت، کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئەو هاوسەنگیانەی حکومەتەکە لەسەری وەستاوە؟ چونکە دەستبەسەرداگرتنی حیزبە سیاسییەکان بەسەر دەوڵەتی عێراق و وەزارەت و دامەزراوەکانی دوای ساڵی 2003دا، وایکردووە وەزارەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت ببنە ناوەندێکی ئابوری وابەستە بەوان، بەجۆرێک حیزبە دەسەڵاتدارەکان بوونەتە چەند ناوەند و کارتەلێکی دارایی و سەرجەم چالاکییە ئابوری و بازرگانییەکان، گرێبەستەکان و کەل و پەلەکان بۆ کۆمپانیاکانی سەر بە ئۆفیسە ئابورییەکانی حیزبەکان یان سەرۆکی حیزبەکان یان ڕابەرانی فەسیڵە چەکدارە حیزبییەکان قۆرغ بکرێن. لەمەش چینێکی مشەخۆری چاوچنۆک لە بازرگانان و بزنسمان دەرکەوتووە، کە لەسەر جەستەی دەوڵەت دەژین و گەورەدەبن و هاوکات بەشێکیان سەرقاڵی کاری سیاسی حیزبیشن. هەموو ئەمانەش لەسەر حسابی چینی بۆرژوازی نیشتمانی بوو، کە لە سەردەمی حوکمی سەددامدا تووشی پەراوێزخستن و دوورخستنەوە ببوون و لە ئێستاشدا لەسەر دەستی سیستمێکی حوکمڕان، کە لەسەر بنەمای بەشبەشێنەی دەسەڵات و قۆرغکاری و گەندەڵی دامەزراوە، جارێکی دیکە سەرمایەی یاسایی و بێگەردی نیشتمانی دووچاری سیاسەتی بەشبەشێنە و پشتگوێخستن بۆتەوە.

لەبەرئەوە، ئەزمونی عێراق لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا جێگەی گەشبینی نییە، چونکە عێراقییەکان دەیان لیژنە، دەزگا و هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیان بینیوە، بەڵام زۆربەیان بە سازشی سیاسی کۆتاییان هاتووە یان فایلەکان کاتێک گەیشتوونەتە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان داخراون. هەربۆیە ڕای گشتی سەرکەوتنی حکومەت بە ژمارە یان قەبارەی دەستبەسەرکردنەکان ناپێوێت، بەڵکو گرتنی ئەو ناوەی دەوێت، کە هیچ کەسێک چاوەڕوانی دەستبەسەرکردنی ناکات.

بەڵام هەر دەبێت ئەم هەڵمەتە لەلایەن رۆشنبیران و سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هاوپشتی و پشتگیرییەکی بەرفراوانی لێبکرێت، چونکە ئەمە بەشێکە لە هەوڵی دووبارە گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ دەوڵەت و بەگژداچوونەوەیەکی ئەو هێزە نافەرمییانەشە کە دەسەڵات و نفوزیان لە هەڵکشاندایە، ئەمە جگەلەوەی نیشاندانی ئەو پەیامەشە کە جێبەجێکاری بڕیار هێشتا لە دەستی حکومەتدایە و لە

توانایدایە دامەزراوەکانی دادوەریی و دەزگا چاودێرییەکان، دوور لە ئیعتباراتی حیزبی، بخاتەگەڕ. هاوکات ئەم هەنگاوانە روبەرێکی فراوانتر لەبەردەم سەرۆکی حکومەتدا دەڕخسێنێت بۆ جوڵەکردن و مانۆڕ لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی پشتگیری دەکەن، چونکە کەیسی گەندەڵی یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی دووبارە دابەشکردنەوەی نفوز و دەسەڵات لە نێو سیستمی سیاسیدا.

پەیامی حکومەت بۆ «چوارچێوەی تەنسیقی» دوو سەرەیە؛ لە لایەکەوە حکومەت جەختدەکاتەوە لەسەر بەردەوامیدان بە هاوبەشیی سیاسی و هەوڵدان بۆئەوەی کە ڕوبەڕوبوونەوەکەی لەگەڵ هێزەکانی نێو چواچێوەی هەماهەنگیدا سەراپاگیر نەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژە دەدات بەوەی کە ئەو بەرپرسانەی تۆمەتبارن بە پرسی گەندەڵی، ڕەنگە وەک جارانی پێشوو لە رووی سیاسییەوە بە رەهایی پارێزراو نەبن، بە پاساوی ئەوەی کە سەرکەوتنی حکومەت بەندە بەوەی کە لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی دەسەڵاتدار بڕێک لە دانبەخۆداگرتنیان هەبێت.

لەرووی ناوەڕۆکەوە پەیامەکەی حکومەت بۆ گروپە چەکدارەکان هەستیارترە، چونکە حکومەت هەوڵدەدات جەخت بکاتەوە لەوەی کە بیناکردنی دەوڵەت پێویستی بە ملکەچی هەمووان هەیە لەبەردەم یاسادا و چیتر دۆسیە ئابوری و داراییەکانیش لە دەرەوەی چاودێریدا نابن، تەنانەت ئەگەر دۆسیەکان پەیوەست بن بە هێزگەلی خاوەن نفوزی سیاسی یان ئاسایشیشەوە. بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە ئاستی سەرکەوتنی ئەم پەیامە وەستاوەتە سەر ئەوەی تا چەند حکومەت توانای پیادەکردنی ئەم ئەرکەی هەیە بە شێوەیەکی یەکسان و دوور لە بژێری و ئینتقائیەت.

لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، هەڵمەتەکە ناردنی سیگناڵە بۆ وڵاتانی دراوسێ. کە بەغداد هەوڵدەدات لە شێوەی دەوڵەتێکی سەقامگیردا بێت و توانای بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی خۆی هەیە و بەردەوامە لەسەر باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و متمانەبەخشینی زیاتر بە ئابوری عێراق، هاوکات پیادەکردنی سیاسەتی هاوسەنگیی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا و خۆتێوەنەگلان لە ململانێ هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان.

بەڵام لە بەرامبەردا، ناتوانرێت فاکتەری نێودەوڵەتی پشتگوێ بخرێت؛ لە دوو ساڵی ڕابوردودا فشارە ئەمریکی و نێودەوڵەتییەکان زیاد بوون بۆ ڕێکخستنی سیستمی دارایی عێراق، بەرەنگاربوونەوەی پاککردنەوەی پارە (غسل الأموال) و کەمکردنەوەی بە قاچاخبردنی دۆلار و توندکردنی چاودێری سەر خەرجی گشتی. هیچ بەڵگەیەکی فەرمی و ڕوون لەبەردەستدا نییە کە واشنتۆن سەرکردایەتی ئەم هەڵمەتی دەستبەسەرکردنانە دەکات، بەڵام وەک رۆژی رووناک ئەوە دیارە کە ژینگەی نێودەوڵەتی توندە بەرامبەر بەو

تۆڕانە لە گەندەڵیی، کە هەندێکجار گرێدەدرێنەوە بە دزەپێکردنی دۆلار یان بە خۆدزینەوە لە سزاکان. هەربۆیە ئەم هەڵمەتە وەڵامدانەوەیەکە بۆ بارودۆخێکی نوێی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، کە مل بەرەو چاکسازی گەورەتر دەنێت، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هەر دەبێت ڕاستەوخۆ دەستبخاتە نێو بڕیارەکانی دادوەرییەوە.

بەڵام دیسانەوە پرسیارە گەورەکە ئەوەیە؛ ئایا سەرۆک وەزیرانی عێراق دەتوانێت تا کۆتایی ڕێگاکە بڕوات؟ وەڵامەکە تەنها پەیوەست نییە بە ویستی تاکەکەسی ئەوەوە، بەڵکو وەستاوەتە سەر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی تۆڕێکی بەرفراوانی بەهێز لە بەرژەوەندیی کەڵەکەبوو، کە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە بەردەوامە و بۆتە بەشێک لە بونیادی سەرەکیی سیستمە سیاسییەکە. بۆیە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عێراقدا چیتر تەنها شەڕێکی یاسایی نییە، بەڵکو شەڕێکە لەپێناو شکڵدان بە فۆرمێکی دیکەی دەوڵەت و داهاتووەکەی. کەواتە ڕۆژانی داهاتوو ئەوە دەردەخات، کە ئاخۆ ئەم هەڵمەتەی دەستبەسەرکردن دەستپێکی هەڵوەشاندنەوەی تەونی گەندەڵییە، یاخود تەنها قۆناغێکی نوێیە لە ململانێی نێوان ناوەندەکانی هێز لە ناو دەسەڵاتدا. چونکە گەندەڵی لە عێراقدا تەنها چەند دۆسیەک نییە ببڕێنە دادگا و ببڕێتەوە، بەڵکو تۆڕێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی نێوان دەسەڵات و باڵادەستیی سیاسی، ئابوری و ئەمنییە و ناتوانرێت بنبڕبکرێت تا یاسا لە سەرو پارێزبەندیی حیزبی و چەک و نفوزەوە نەبێت.

پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەم هەڵمەتە جیا ناکرێتەوە لە ململانێی نێوان ناوەندەکانی هێز لەناو دەسەڵاتدا، چونکە زۆرجار پرسی گەندەڵی دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ فشارکردنی سیاسی و سەرلەنوێ نەخشەکێشانەوەی هاوسەنگیی نێوان هێزەکان. بۆیە سەرکەوتنی هەڵمەتەکە لەرووی ئەوەی عێراقییەکان بڕوا بە بێلایەنیەکەی بهێنن دەوەستێتە سەر ئەوەی سەراپاگیر بێت و هەموو گەندەڵکاران بگرێتەوە و تەنها لە دەوری کەسانێکی سەر بە یەک لایەندا نەسوڕێتەوە یان تەنها ملی بەرپرسانێک بگرێت، کە پشت و پەنایەکی سیاسیی ئەوتۆیان نییە.

ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، کە هەندێک لایەنی دەسەڵاتدار هەن سودی سیاسییان لەو هەڵمەتەدا هەیە و سیستمە سیاسییەکان، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوپەیمانێتی دامەزراون، زۆرجار پرسی گەندەڵیش وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هێز و نفوزی خۆیان یان بۆئەوەی فشار لەسەر نەیارەکانیان دابنێن یاخود بۆئەوەی سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی ناو هاوپەیمانێتیی دەسەڵاتدار ڕێکبخەنەوە. لەم رونگەیەوە چاودێران سەرنجیان دەخەنە سەر ئەوەی، کە تا چەند هاوسەنگی لە

دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەدا هەیە و هەموو لایەنەکانەکانی بەبێ جیاوازی گرتۆتەوە، یان ئەوەتا تەنها لایەنێکی دیاریکراوی بە ئامانجگرتووە و ئەوانی دیکەی نەگرتۆتەوە.
دیارە هەر هەڵمەتێکی بەرفراوانی لەم شێوەیە لایەنی سودمەند و زیانلێکەوتو بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە ئێستادا سوودمەندی یەکەم لەم هەڵمەتەدا سەرۆکی حکومەت خۆی دەبێت، ئەگەر بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، کە دەوڵەت دووبارە جڵەوی بڕیاردانی گرتۆتەوە دەست و ناچێتە ژێر باری هیچ گوشارێکەوە. سوودمەندی دووەمیش ڕای گشتی دەبێت، ئەگەر هەنگاوەکان بیسەلمێنن کە هیچ کەسێکی لێ بەدەر ناکرێت و هەڵمەتێکی بژێرەیی و ئینتقائی نییە. بەڵام ئەگەر هەڵمەتەکە تەنها لە پاکتاوکردنی نەیارانی سیاسیدا سنووردار بکرێت، ئەوا تەنها ئەو لایەنە سوودمەند دەبێت، کە توانیویەتی لە ناو دەسەڵاتدا نەخشەی هێز لە بەرژەوەندی خۆی دابڕێژێتەوە، ئەگەر وابێت ئەوەی متمانە لەدەستدەدات خودی پرۆژەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خۆی دەبێت.
دواجار، ئەم هەڵمەتی دەستبەسەرکردنەی گەندەڵکاران زیاتر لەوەی تەنها هەڵمەتێکی ئەمنی یان دادوەریی بێت تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ عێراق وەک دەوڵەت، کە بە شێوەیەکی یاسایی و ڕوون و شەفاف بەردەوام بێت و بەبێ جیاوازی سیاسی یان حیزبی هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئەوا دەکرێت ئەمە ببێتە خاڵی وەرچەرخان لە ڕەوتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا.
بەلای ئێمەوە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە عێراقدا بە شێوەیەکی ریشەیی، کارێکی ئاسان نییە و زۆر ئاڵۆزە؛ چونکە گەندەڵی بە قووڵی رۆچۆتە نێو جەستەی دەوڵەتەوە و بۆتە بەشێکی چەسپاو و جیانەکراوە لە بونیادی دەوڵەتدا. لە دۆخێکی لەمجۆرەدا کێشەکە بە دەستبەسەرکردن و جێگۆڕکێی چەند کەسێکی گەندەڵ تەواو نابێت، چونکە کۆی سیستمەکە بە بەردەوامی گەندەڵی بەرهەمدەهێنێتەوە و تەنانەت کار گەیشتووە بەوەی گەندەڵی ببێتە ئامرازێک بۆ حوکمرانی و ئیدارەدانی هێز و نفوز و بەشێک بێت لە شێوازی کارکردنی دامەزراوەکان، تەنانەت تۆڕە پانوپۆڕەکانی گەندەڵی لە رووی سیاسی و یاسایی و سەربازی، یان بە ئەمری واقیع پارێزراون. هەروەها گەندەڵی بۆتە هۆکاری دەستڕاگەیشتن بە پۆستە کارگێڕییەکان، بە تایبەتی پۆست و پلە تایبەتییەکان. بۆیە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێویستی بە ستراتیژییەکی نیشتمانی گشتگیر هەیە، کە لایەنی سیاسی، ئابوری، یاسایی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی بگرێتەوە. بەڵام لە رووی جێبەجێکردنەوە، بنەبڕکردنی گەندەڵیی دارایی لە پرۆسەی پاککردنەوەی قادرمە و پێپلیکانە دەچێت؛ ئەگەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە پاک نەکرێنەوە، ئەوا پلەکانی خوارە پاک نابنەوە و پڕ دەبن لە چڵک و پیسی. پێویستە ئەم هەڵمەتە لە سەرۆکەکانەوە

دەست پێبکات، چونکە سیستمی سیاسی پشت بە پشکپشکێنە دەبەستێت و دامەزراوەکانی دەوڵەت و سەرچاوەکانی بەسەر حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا دابەشکراون، ئەگەر وانەکرێت ئەوا گەندەڵی لە فۆرمە ریکخراو و سیستماتیکەکەیدا هەر بەردەوام دەبێت، هەرچەندە زەبری بەهێزیشی لێبدرێت.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە زۆربەی تۆڕەکانی گەندەڵیی دارایی لە عێراقدا پەیوەست و گرێدراون بە یەکترەوە و بە تۆڕی کرێخۆری سیاسی و بەرژەوەندی هاوبەشەوە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەگەر دۆزگەریی و لێکۆڵینەوەکان لە گەندەڵی قووڵ بن و لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە یان تەنانەت لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە دەستوەردانی تێدا نەبێت، ئەوا دەکرێت وەک کەوتنی پارچەکانی دومینۆ بێت ئەو کاتەی پارچەی یەکەم دەکەوێت بە دوایدا هەمووی یەک یەک دەکەوێت. بۆیە پێدەچێت ئەم هەڵمەتە ببێتە هۆی ئاشکراکردنی زۆر دۆسیەی دیکەی گەندەڵی و تێوەگلانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و سەرکردەکانی عێراق. خۆ ئەگەر ئەم هەڵمەتە بەردەوام بێت، بە دوور نازانرێت سەرلەبەری چینی سیاسیی حوکمڕان و چینە وابەستەکانی پەیوەست بەوان و بازرگانە گەورەکان و بزنسمان و تەنانەت هەندێک لەو کەسانەش تێوەبگلێن، کە خۆیان بە لیدەر و سەرکردەی خاوەن هەڵوێستی توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەزانن.

بەڵام ئەگەر هەڵمەتەکە تەنها کەسانێکی دیاریکراو بگریتەوە، یان لە سنوری هاوسەنگی سیاسیدا بوەستێت، ئەوا وەک بەشێک لە ململانێی نفوز لە ناو دەسەڵات لێکدەدرێتەوە، نەک دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتی دامەزراوەکان. بە ڕای ئێمە، راستتروایە سەرۆکی حکومەت و دادگای عێراق لێکۆڵینەوە لەو مەلەفانەی خوارەوەدا ئەنجامبدەن، بۆ ئەوەی هەڵمەتەکە وەک سیناریۆ و مانۆڕێک نەبینرێت بۆ بەئامانجگرتنی چەند لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو هەنگاوێکی جدی بێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵییە بەردەوامەکەی وڵات، بە تایبەتی دوای ئەوەی گەندەڵی بە ئاستێک گەیشتووە، کە ئەگەر بەردەوام بێت، دەبێتە مەترسی بۆ سەر بوونی عێراق وەک قەوارە و گەل و سنورە جوگرافییەکەی، ئەمەش بە دەستپێکردن دەبێت لە لێکۆڵینەوەی لەم بابەتانە:

1- قەدەغەکردن و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم مەکتەبە ئابورییەکانی حیزبە سیاسییەکان بە پشتبەستن بە ماددەکانی (36، 37، 38) لە یاسای حیزبە سیاسییەکان ژمارە 36ی ساڵی 2015، و کۆتاییهێنان بە گۆڕینی حیزبەکان بۆ کۆمپانیا گەورە و کارتەلی دارایی، کە سەرچاوەکانی ئابوری و میدیایان لە عێراقدا کۆنترۆڵ کردووە.

2- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زار وماڵ و موڵکی دەوڵەتی عێراق، کە لەسەر دەستی حیزبە سیاسییەکان و سەرکردەی گروپە

چەکدارەکانەوە بە تالاَن براون، بەو کەسانەشەوە هاوکار و یارمەتیدەری ئەم دەستبەسەرداگرتنانە بوون، یان ئەو لایەنانەی بەشێک لەو ماڵ و موڵکانەیان بە ناوەوە تۆمار کراوە. هەروەها گەڕاندنەوەی کۆی ئەو سەر و سامانانە بۆ دەوڵەت و بە سزاگەیاندنیان لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا، لە هەر پلەیەکدا بن،

3- فەرمان بدرێت بە وردبینیکردن لە هەموو ئەو گرێبەستانەی، لە ساڵی (2003)وە تا ئێستا، لە هەموو وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و دامەزراوەکانی دەرەوەی وەزارەتەکان ئەنجامدراون، هەروەها لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە وەهمییەکان و یاساییبوونی رەوانەکردنی گرێبەستەکان و سەلماندنی بێلایەنی ئەو لیژنانە بکرێت، کە گرێبەستەکانیان رەوانە کردووە بەر مەبنای رێنماییەکانی جێبەجێکردن و رەوانەکردنی گرێبەستەکانی حکومەت، لە هەموو بوارەکاندا بە گشتی و بواری ئاوەدانکردنەوە، پەرەپێدان، وزە، نەوت و گاز، گرێبەستی تەجهیزکردنی وەزارەتەکان، هاوردەکردنی چەک و ئامێرە سەربازییەکان، خۆراکدان بە سوپا و بوارە ئەمنییەکان. پاشان رەوانەکردنی هەموو ئەوانەی لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون بۆ دادگای عێراقی.

4- سەندن و زەوتکردنی کۆی ماڵ و موڵک و سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی ئەوانەی لە گەندەڵیی داراییەوە تێوەگلاون، بەوانەشەوە کە دەسەلمێنرێت بەشداربوون یان هاوکاربوون لە کردەی گەندەڵیدا و بلاّوکردنەوەی بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیعی عێراقیدا.

5- ئامادەکردنی لیستی ڕەش و بلاّوکردنەوەی ناوی سیاسەتمەداران، بەڵێندەران و بازرگانان لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی و دەزگاکانی راگەیاندن، ئەوانەی کە بە تۆمەتی گەندەڵی حوکمدراون، هاوکات رێگەیان پێنەدرێت خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یان پۆستە تایبەتەکان، حیزبە سیاسییەکان، سەندیکاکان، پیشەییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوەی حکومی و تایبەتی. هەروەها یاساکانی لێبوردن (عەفو) نەیانگرێتەوە.

6- دەستەی دەسپاکی رابسپێردرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە موڵک و ماڵ و سامانی دارایی هەر بەرپرسێکی حکومی لە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتییەوە بەرەو سەرەوە ـ هەر چەندە پلەکەی بەرز بێت ـ هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرکردەکانی حیزبە سیاسییەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەندامانی ئێستا و پێشووی ئەنجومەنەکان، لیژنە و نوسینگەی ئابوریی حیزبەکان، سەرۆک و ئەندامانی ئەو دەستانەی بە وەزارەتێکەوە گرێ نەدراون و سەندیکاکان بگرێتەوە و وردبینی ماڵ و موڵک و پارە و پوولیان بکرێت و لەگەڵ داهاتی راگەیەندراو و یاساییاندا بەراورد بکرێت، هاوکات دەست بەسەر هەر پارە و

پووڵ و سامانێکدا بگیردرێت، کە سەرچاوەکەی دیار نییە و ئەمانە بنێردرێن بۆ دادگا تا بەپێی یاسا سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن.